# درەوشانەوەی شێوازی جیاواز لە نووسیندا

ئازاد عەبدولواحید

* هەر کەسێک کە دەنووسێ و بە کاروباری نووسین و ئەدەبیاتەوە خەریک دەبێ، ئەوە بەو مانایە نایەت ئیدی ئەو کەسە بەهرەی هەیە، لە کاتێکدا لە دنیای نووسین و داهێناندا لە (بەهرە) بترازێ شتێکی دیکە بوونی نییە. هەر بوونی (بەهرە)یە نووسەر و هونەرمەندێکی داهێن و جیاواز، لە نووسەر و هونەرمەندێکی ئاسایی جودا دەکاتەوە، لێرەدا چەند بوونی (بەهرە) بۆ کەسەکان پێویستە، ئەوەندەش دەبێ بەهرەکانیان لە یەکتری نەچن، چونکە بۆ کەسێکی داهێن بەهرەیەکی (جیاواز) و (تایبەتمەند) دەخوازرێ، نەک بەهرەیەکی (بچووک) و (ئاسایی)، ئەمە بۆ ئەوەیە نووسەرێک لە نووسەرێکی دی، هونەرمەندێک لە هونەرمەندێکی دی، داهێنێک لە داهێنێکی دی جودا بکرێنەوە و لە یەکدی نەچن. ڕەوای هەق نییە نووسەرێک بایی ئەوەندە هۆشیار و ڕووناکبیر نەبێت، یان بایی ئەوەندەی نەخوێندبێتەوە لەوە گەیشتبێ، کە هەرچەندە ملی لەبەر ملی نووسین ناوە، بەڵام ئەو هەر لە بنەڕەتەوە کەسێکی (بەهرەدار) نەبووە و نییە، ڕاستە دەنووسێ و لاپەڕەی زۆر گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی بە نووسینەکانی پڕ کردووەتەوە و خەریک کردووە، تەنانەت بە لە چاپدانی کتێبەکانی، خۆی بەسەر ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و خوێنەراندا سەپاندووە، بەڵام دەبێ بزانین ئەو جۆرە نووسەرانە بە هەڵگرتنی دروشمی (نووسین لەپێناوی نووسین) دەیانەوێ بە هەر نرخ و شێوەیەک بێ خوێنەران سەرقاڵ بکەن، بەڵام دەپرسین: کەی خۆ دەرخستنی زۆر و بڵاوکردنەوەی بەردەوام لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە مانای نووسەرایەتی ڕاستەقینە دێت؟

* کاتێ نووسەرێک ساڵانێکی دوورودرێژ لە بەردەوام بوون لەسەر نووسین بەڕێ دەکات، لەپاش ئەو ساڵانەی سەرقاڵکردنی خوێنەران بە نووسینی بێ سەروبەر، پێویستە ئەو نووسەرە بێ بەهرەیە، ئەو بوێری و زاتەی هەبێت و بە ئاشکرا بڵێت و بنووسێت من هەڵە بووم کە بە درێژایی ئەو ساڵانە دەمنووسی، چونکە من کەسێکی بەهرەدار نەبووم، پێ بە جەرگی خۆیەوە بنێ و بنووسێ کاری جوان و گرنگم نەکردووە و بۆ لەمەولاش هیچم پێ ناکرێ و ناتوانم کاری ناوازە بنووسم و بەرهەم بهێنم، یان بڵێ لەمەولا ئەوهاشوهووش و قسە زلانەی لەبارەی بەهرە و توانست و داهێنانەکانی خۆمەوە دەمکردن، ئیدی دەستیان لێ هەڵدەگرم و بەلایاندا ناچمەوە. ئێمە کە تا ئێستا کەسێکی وامان تێدا هەڵنەکەوتووە، یان پێشتر لەناو ئەدەبیات و هونەری کوردیدا (جگە لە حاڵەتەکەی هەردی)، کەسێکی وامان بەرچاو نەکەوتووە کارێکی



**گوتێ**

وای کردبێ، کەچی دەبینین لەناو ئەدەبیاتی دنیادا ئەو جۆرە کەسانە ژمارەیان یەکجار زۆرە کە بەردەوام و بە ڕاستگۆییەوە دان بە ڕاستییەکانی ژیانی نووسەرایەتی خۆیاندا دەنێن، زۆر ڕوون و ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکەن کە لە نووسین و کتێبەکانیاندا چ نووسەرێک، شاعیرێک، هزرڤان و فەیلەسووفێک کاریگەری بەسەر نووسینەکانیانەوە هەبووە، لە کانی و چاووگی چ سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیریی لچ و لێویان تەڕکردووە و خواردوویانەتەوە، هەروەک چۆن دەبینرێ زۆر نووسەریش دان بەبێ بەهرەیی خۆیاندا دەنێن، ئەوەتا کەسێکی وەک (ڕوبرت بنشی) بەرانبەر بە خۆی دەگاتە ڕادەی سەرسوڕمان، هەر بەو سەرسوڕماوییەشەوە لە پڕ ڕۆژێک دان بەوەدا دەنێ و دەڵێ: (پازدە ساڵی ڕەبەقی لەمن ویست تا لەوە دڵنیا بووم من کەسێکی بەهرەدار نیم، بەڵام ئێستا ناتوانم دەست لە نووسین هەڵگرم، چونکە ئێستا بوومەتە کەسێکی بەناوبانگ)، بۆیە ئەو کەسانەی دەکەونە نووسین و بە پای پیلان نووسینەکانیان بڵاودەکەنەوە، درێژە بەدروشمی نووسین لەپێناوی نووسین دەدەن، ئەوانە هیچ کاردانەوە و کاریگەرییەکیان بەسەر کۆمەڵ و تاکەکانەوە نەبووە و نابێ. گووتێ دەڵێ: (نووسین) پێویستی بە شارەزاییە کە دەکرێ فێری بین، پێویستی بە (بەهرە)یش هەیە کە دەبێ ئەو بەهرەیەمان تێدا هەبێ، هەردووکیشیان دوو شتی بنەڕەتین و ناکرێ لە نووسیندا دەستبەرداریان بین)، بەبێ بوونی (شارەزایی) و کەڵەکەبوونی ئەزموون و ڕۆشنبیری، داهێنی بچووک ئەگەر بەهرەیشی هەبێ، ئەوە بەهرەکەی زوو دەکوژێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو نووسەرە شەعبیەتیشی بەدەست هێنابێ، ئەوە بێ گومان بن بە نووسینی بێ بەها و خراپ بە دەستی هێناوە، کە دڵنیام زۆر نابات بەرهەمە سادە و ساکارەکانی بەرەو تەنکاو و ڕووکەشی زیاتر مل دەنێن و ڕەواجیان نامێنێ و دەپووکێنەوە.

* لە پرۆسەی نووسیندا، هەر نووسەرێک خودی خۆی دەنووسێتەوە، پۆرترێت و وێنەی ڕوحیی خۆی دەکێشێ، دەرکەوتنی ئەم پەنجەمۆرە کەسییە، تەنانەت لە نووسینی وتار و لێتوێژینەوەشدا بەدەردەکەون، ئەگەر نووسەر لە هەندێ باردا وێنەکێشانەکەی، وێنەکێشانی تەواوەتی ئادگاری خودی خۆشی نەبێت، بەڵام ڕێک وەک دەرکەوتنیەتی بەشێوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافی، کە بینینی بێ ڕتووش و ڕاستەقانی ئەندامانی جەستەی هەر ئادەمیزادێکە، لێرەدایە کە تێڕوانین و عەقڵ و گۆشەنیگا و دەروونیان بەهۆی نووسینەکانیانەوە دەناسین. جاری وا هەیە وتارێکی دووردرێژی نووسەرێک، یان کتێبێکی دەخوێنینەوە، کەچی پەرەگرافێک، ڕستەیەکی تێدا نابینی بۆ لای خۆی ڕامانبکێشێ، تا لەسەری بووەستین و تووشی سەرسوڕمانمان بکات، بیروڕایەکی تایبەت و نوێی تێدا بەدی بکرێ، یان ڕوحی نووسەرەکە و جێ پەنجەی ئەوی تێدا دەرکەوتبێت، لە هەمان کاتدا نووسینی نووسەرێکی دی دەبینین، هەر زوو بەسەر هەست و نەست و عەقڵی خوێنەراندا زاڵ دەبێ و بەرەو لای خۆی کەمەندکێشمان دەکات، ئەوسا بەبێ ویستی خۆمان حەز دەکەین دوای بیروڕا و ئامانج و پەیام و نیازەکانی ئەو نووسەرە بکەوین، لێرەشدا بەپلەی یەکەم شێواز و ستایلی نووسەرەکەیە سەرسامان دەکات کە بەدەست خۆمان نییە و ناتوانین تا دوا ڕستە دەستبەرداری خوێندنەوەی بەرهەمەکەی بین و لە خوێندنەوەی تێکڕای نووسینەکە، تەزووی سیحر و ئەفسوونی نووسینەکە لەناو جەستە و گیانی خوێنەرەکانیدا دێت و دەچێت و تا ماوەیەکیش لەژێر ئەو

ئەفسوون و چێژ وەرگرتن و هەڵچوونانەدا دەمێننەوە و کاریگەری لەسەر کەسایەتییان دەمێنێ.

* نووسەری خاوەن شێوازی جیاواز و تایبەت و دەگمەن پێویست بەوە ناکات چەندان وتار و کتێبیان لێ بخوێنرێتەوە تا هۆگری و ئاشنایەتی لە تەک جیهانە سەراسیمە و پڕ ئەفسوونەکەی پەیدا بکەین، بگرە چەند لاپەڕەیەکی لێ بخوێنرێتەوە بەسە، بۆ دروستبوونی زۆر ڕایەڵ و پێوەندیی ڕوحیی کە ئاشنابوونێکی گیانی بەگیانی لەنێوان نووسەرەکەی و خوێنەرەکانی دروست دەکات، بۆیە هەر کاتێ نووسینێکی ئەو نووسەرە سەرنجڕاکێشەت بەرچاو دەکەوێ، ئەوە نووسینەکەی چەندی کورتیلە و بچووکیش بێت، دڵت بۆی لێ دەدا و یەکسەر بەرەو پیری دەچیت، ئەوەش پتر بەهۆی ئەو کارتێکردن و کاردانەوە ئەفسوونگەرانەیەوەیە کە کەسایەتی جیاواز و تایبەتمەندیی نووسەرەکە دروستی کردووە. پێویست بەوەش ناکات باسی ئەوە بکەین کە کەسایەتی جیاواز و تایبەتمەند لە نووسیندا چی دەگەیەنێت؟ بێ گومان شێوازی تایبەتمەند بۆ نووسەر لە خۆیدا ڕوون و بێ گرێوگۆڵ و قووڵە، ئەمەش بۆ کەسێتی نووسەرەکە خۆی دەگەڕێتەوە و هەر ئەوەش لە کەسانی دیکەی جودا دەکاتەوە، وەک چۆن پەنجەمۆری ئەو لە هی کەسانی دیکە ناچێت. ئەو کەسایەتییە جیاواز و بەهێزە لە نووسیندا وەک هەڵسوکەوت و خووونەریتی ئادەمیزادەکەیە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا کە ڕۆژانە و لە هەر چرکە و ساتێکدا دەینوێنێ، لەلای نووسەرەکەش بەپێی بارودۆخی سەردەم و ڕۆشنبیری خۆی و دەوروبەر و نەتەوەکەی، لە ئەنجامی ڕامان و وردبوونەوە و قووڵبوونەوەی تایبەتی خۆی، ئەو کەسایەتییە تایبەتمەند و جیاوازە دروست بووە و لە نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

* دید و جیهانبینی تایبەتی نووسەری جیاواز بۆ ژیان و دەوروبەر و گەردوون، کە هەمیشە لە دید و گۆشەنیگا و جیهانبینی کەسانی دیکە جیاوازە بۆ تەماشاکردنی ژیان و گرفت و ئاریشەکانی، نیگەرانی و خەون و خولیا و ختوورەکانی، ئەمە لایەنێکی دیکەی دروستکردنی ئەو ستایل و شێوازە تایبەتەیە لە جیهانی نووسیندا، بۆیە نووسینی جوان و سەرنجڕاکێش و هەڵگری مۆرک و شێوازی جیاواز، هەر ئەوە نییە زانیاری نوێی تێدا بێ کە پێشتر خوێنەرەوە نەیبیستبێ، ئەوەندەی ئەو نووسینانەن کە نووسەرەکانیان جیاوازن و بە شەقڵ و شێواز و تایبەتمەندیی خۆیان پێشکەشی خوێنەرانی خۆیانی دەکەن، چونکە کەسایەتی جیاوازی خۆیانی تێدا بەرجەستە دەکەن و لە غەمی دۆزینەوەی شێوازی تایبەتی خۆیاندان، ئەو نووسەرە لە پاڵ زانیارییە نوێیەکان، گۆشەنیگای نوێ و تێڕوانینی نوێی خۆی هەیە کە لێیەوە تەماشای ژیان دەکات، چونکە لە نووسیندا وەک وتمان بە تەنیا زانیاری نوێ بەس نییە دەرخواردی خوێنەران بدرێت، وەک چۆن خواردن هەر تەنیا ئەوە نییە کە چ جۆرە خواردنێکە و چۆن ئامادەکراوە، بگرە شێوازی ڕازانەوەی سفرە و خوان و جۆری پێشکەشکردن و دانانی خواردنەکەش گرنگە، کە پتر ئیشتیای کەسەکان بۆ خواردن دەکاتەوە. نووسەری جیاواز و خاوەن ستایل و شێواز و تایبەتمەندی، کەسایەتی جیاوازی خۆی لە نووسینەکانیدا بەرجەستە دەکات، بەمەش لە پاڵ زانیارییە نوێیەکانی دەبێ شێوازی نووسینی تایبەت بە خۆی هەبێ، ئەگەر وا نەبێت، ئەوکاتە نووسینی هەموو نووسەرەکان لە یەک دەچن و خوێنەر ناتوانێ لێکیان جودا بکاتەوە.

* لە ئەدەبیاتی زیندووی وڵاتان و گەلانی پێشکەوتوو زۆر بایەخ بەو لایەنەی نووسین دەدەن و زۆریش لەسەر بەدی هاتنی سوورن، ئەوان زۆر بایەخ بە گوتەکەی (بۆفۆن) دەدەن کە دەڵێ: (نووسین کەسەکەیە، نووسین ئاوێنەی ئادەمزاد)ەکەیە، هەر ئەو گوتەیەی (بۆفۆن)یشیان بۆ خۆیان کردووەتە ڕێسا و دروشمێک و لەسەری دەڕۆن، هەر بەو پێودانگ و پێوەرەیشە نووسەرێکیان، لە نووسەرێکی دی پێ باشترە، یان خۆیان و شێواز و تایبەتمەندییەکانی خۆیانی پێ پێوانە دەکەن و لەگەڵ (نووسین لە پێناوی نووسین)ی نووسەراندا لە مەحەکی دەدەن و جیای دەکەنەوە. لە ئەدەبیاتی گەلانی دنیادا کە ناوی هەر نووسەرێکت هێنا، ئەو نووسەرە لە بواری ڕۆمان، شانۆنامە، نۆڤلێت، چیرۆک، وتار، کونجی ڕۆژنامەوانی، یان یادەوەری گێڕانەوە و بایۆگرافیا نووسین بێت، یەکسەر شێوازە تایبەت و سەرنجڕاکێشەکەیت بەبیر دێتەوە، کە ئەو شێوازی نووسینە تایبەت و جیاوازە هەر لە سەرەتای نووسینییەوە، هاوشان لەگەڵی هاتووە تا گەیشتووەتە دوا



هەژار

قۆناغی نووسینی، تەنانەت لە هەرچی نووسیویەتی ئەو تایبەتمەندی و مۆرکە جیاوازە ڕەنگی داوەتەوە، واتە لە هەر ژانرێک کە خۆی لە بواری هونەر و ئەدەبیات و نووسیندا تاقیکردووەتەوە، ئەو ستایل و شیوازە تایبەت و سەرنجڕاکێشە لەگەڵی بووە و هاتووە و پێی ناسراوەتەوە. هەست پێکردن و دەستنیشانکردنی ئەو شێوازی نووسینە هەموو خوێنەرەکانی ئەو نووسەرانە، ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیارییان خوێنەرەکە هەرچەندێک بووبێ، هەستی پێدەکەن.

* نەک هەر لە بواری نووسینی ژانرەکانی ئەدەبیات، بگرە ئەو شێواز و ستایلە تایبەت و جیاوازە چەندی بۆ نووسەرێک پێویستە، ئەوەندە و زیاتر بۆ باسکارێکیش پێویستە کە ئەویش خاوەنی شێوازی خۆی بێت. لێتوێژەر پێویستە پێش ئەوەی قەڵەم بۆ نووسینی لێتوێژینەوەکەی بخاتە کار ئەو پرسیارە جەوهەرییە لە خۆی بکات کە لە نووسینی لێتوێژینەوە و باسەکەیدا، نیازی وایە چی نوێ بخاتە سەر خەرمانی زانیارییەکانی ئەوانەی پێش خۆیەوە؟ لای ئێمە لاوازیی باس و لێتوێژینەوەکان (کە زۆربەی هەرە زۆریان لاوازن)، هۆیە سەرەکییەکەی بۆ لاوازی و بێ هێزی کەسایەتی باسکار دەگەڕێتەوە، کە بووەتە هۆی نووسینی باس و لێتوێژینەوەیەکی لاوازی ئەوتۆ کە کەسایەتییەکەی تێدا نادرەوشێتەوە، لەلایەکی تریشەوە ون بوونی بەرپرسیاریتی و نەورووژاندنی پرسیاری نوێ کە دەبێتە هۆی کلۆلی وکۆڵەواری لە دۆزینەوەی ڕاستیی زانستی و ئاسۆی نوێ، چونکە باسکاری ئێمە هزرمەند نییە، وەک تووتی وایە زانیاری و بابەتەکانی پێش خۆی گێرە دەکات و دەڵێتەوە، ئەوە ئەگەر بە تەواوی قۆپییەی نەکردبێ و بەرهەمی ڕەنجی کەسانی دیکەی نەگوێزابێتەوە. فەرهاد شاکەلی نووسیویەتی: (زانست و ڕاستی بەوە ناپێورێن چەندە خەڵکیان لێ کۆدەبێتەوە، لەوەیە ڕاستی ڕووت و قووت بێت، تاک و تەنیا بێت، بەڵام ئەوە نیشانەی لاوازی نییە، هێزی ڕاستی لەناو خۆیدایە و ئاوێتەی کات بووە، ئەمڕۆیش نەبێت، سبەی هەر دەردەکەوێت و دەچەسپێت. ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٧٦٢، ڕۆژی ١٩/٤/٢٠١٠).

* نووسەر هەیە بۆ زەق کردنەوەی شێوازەکەی خۆی، هەندێ لە کرۆکی بابەتە گرنگەکەی دەیەوێ باسی بکات دووبارە دەکاتەوە، تا لە زەینی خوێنەراندا بیچەسپێنێ و پێیان بڵێ من ئەو بیرۆکەیەم بەلاوە گرنگ و جێی بایەخە، یان دەیەوێ پێیان بڵێ تکایە با لەلای ئێوەش جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بێ و لێمی وەربگرن. لای ئێمە نووسەری وا هەیە شێوازەکەی خۆی بەو جۆرە دادەمەزرێنێ کە بیرۆکەیەکی بچووک لەناو لێشاوێک واژە و وشە و ڕستەی زۆردا دەخاتە ڕوو، واتە نووسەرەکە هەوڵ نادات بەدەستی ئاوەڵا و بە سەخاوەتەوە زانیاری و بیرۆکە و بابەتەکەی خۆی پێشکەشی خوێنەران بکات، کە ئەمەش یەکێکە لە خەوشە گەورەکانی نووسینی کوردی، چونکە خەسڵەتێکە ناتوانێ تامەزرۆیی و حەزی زانین و فزووڵی خوێنەران تێر بکات، ئەم شێوازەش بەسەر زۆر نووسینی کوردیدا زاڵە، کە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری نووسینی کوردی بەو شێوازە دەنووسرێن، بگرە نووسینی کوردییان پێ دەناسرێتەوە، بەهۆی ئەوەی ئەو نووسەرانە بەو شێوازی نووسینەوە دەنووسێن و ئیدی لێی نابنەوە، تەنانەت لەو کاتەشدا کە پەل بۆ نووسینی ژانری ئەدەبی دیکەش دەبەن. ئەو شێوازی نووسینە بە مازی دەچوێنم کە ئافرەتانی لای خۆمان لە کاتی نان کردندا بەکاری دەهێنن، لەو کاتەدا کە گونکەکەی پێ پان دەکەن و دواتر بە تیرۆک نانەکەی پێ

دەکەنەوە و زیاتر تەنکی دەکەنەوە، پێش ئەوەی بیخەنە سەر ساجەکە (سێلەکە)، یان بیخەنە ناو تەنوورەکەوە، لە نووسینیشدا جاری وا هەیە ئەو بیرۆکەیە ئەوەندە دەهێنن و دەبەن تا وەک کاغەزێکی تەنکی لێ دەکرێ. ئەم کردارە بە شێوەی دەربڕینی ئەو بیرۆکەیە دەچێت کە نووسەرانی لای خۆمان بیرۆکە و نووسین و وتارەکانیان دەخەنە ژێر لێشاوی وشە و واژەی زۆر، ئەوجار دەیگەیەنن، بەمەش دەیانەوێ پێمان بڵێن ئەوان توانیویانە بەبێ ماندووبوون بەدوای ئەو وشە و واژانەوە بن تا بەتەواوی دڵنیابن لەوەی ئەوەی ئەوان ویستوویانە زۆر بە باشی دەستیان لێ گیر بووە و گرتوویانە، بەم کارەشیان لەلایەک نووسینەکانیان، لەلایەکیشی خوێنەرەکانیان هیلاک و ماندوو دەکەن و قورسایی پتر دەخەنە سەریان. وتنەوەی بیرۆکەیەکی ساکار کە جێگەی بایەخ و سەرنجی کەس نییە و ئاوڕی لێ نادرێتەوە، بۆ ئەوەیە بایەخی پێبدرێ و لەسەری بووەستین، بۆ ئەوەی لەبەرچاومان بمێنێتەوە و لە بێ بایەخی و فەرامۆش کردن دەربهێنرێ، یان بۆ ئەوەی هەستی پێ بکرێ، ئەمە ئاکامێکی باشی نابێ.

* زۆر ڕەخنەگر و لێتوێژەر باس لەوە دەکەن کە شێواز لای نووسەر چەند ئاراستە و ڕێڕەوێکی هەیە، کە هەندێ لەو شێواز و ڕێڕەوانە لە کەس وەرنەگیراوە، بۆ نموونە شێوازێک دەبینین نووسەرێک پەیڕەوی لێ دەکات کە شێوازەکە تایبەتە بە خۆی، ئەویش وردەکاری زۆر و جوانکاری و ڕەشاقەتی تێدایە، هەندێ جار شێوازەکەی ئاسانە و خوێنەر کە دەیخوێنێتەوە لێی ئاسوودە دەبێ و دڵی پێوە دەنووسێ، ئەمەش لەبەر ساکاری و قووڵی لە دەربڕینەکەی، کە ساکارییەکەی ئەوەیە لە زەخرەفەوە دوورە. ئەم شێوازە ئاسانە زۆر بە کاوەخۆ و هێدی دێتە بەرچاو. هەندێ جار جددییەت، لاقرتێ، درێژدادڕی، هەندێ جاریش چڕوپڕی و چاوەڕوانکراو لە وتندا دەبینین، چونکە هەموو غەمی ئەو جۆرە نووسەرە ئەوەیە سەرنجی خوێنەر و گوێگر بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، بۆیە بۆشاییەک بەجێ دەهێڵێ، گوێچکەی خوێنەران بە دەنگ و نەغمەیەکی خۆش ڕادەهێنێ، بەڵام سیحر و ئەفسوونێک لەلایان دروست ناکات.

* شێواز هەیە لە دەربڕینی باری سەرنج نزیک دەبێتەوە، ئەمەش بە ڕستە و دەربڕینەکانەوە دەردەکەون، یان بایەخ بە وشە و دەستەواژە و دەربڕین و دەنگ دەدەن، پێش ئەوەی بایەخ بە دەربڕینی بڕیاری ڕەخنەیی و بیروڕایەکانی خۆیان بدەن، بەمەش پەیامەکەیان ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەرانە، وەک ئەوەی گوتارت بۆ کەسێ بێ کە لە مەجلیسێکدا لەگەڵت دانیشتووە، بەڵام بە هەموو شێوەیەک ئەو ئەفسوونەی هونەری دەربڕین و نووسینی نووسەرێک دەینووسێ، دەبێ بەرگی کۆنینەی نووسینی پێش خۆی، لە خۆی دامالێبێ و زۆرتر بەشێوەیەک خەریکی دەربڕینەکانی بێ کە ئەوەی جەوهەری و گرنگە بهێڵێرێتەوە، خەریکی توێکڵ و ڕواڵەت و زەخرەفە نەبێ، واتە خۆی لە ڕەوانبێژی و مەجاز دوور بخاتەوە، یان لە ڕستەی تەمومژاوی و ئاڵۆز دوور بکەوێتەوە و بیانکاتە ڕستەی کورتی پڕ مانا و مەغزا و چێژبەخش، وەک لە وەرگێڕان و نووسینەکانی (هەژار) و (هێمن)دا بەدی دەکرێن، نەک بە وشکوبرینگی بمێنێتەوە، هەروەها نووسینەکە لە هێنانەوەی بابەتی لابەلا بەدوور بگیرێ، بە ڕستەی زیاد و پووچ سیخناخ نەکرێ وەک ئەوەی ئەو نووسەرە خەریکی وانە وتنەوە بێ و بە وێنەی پیشەی مامۆستایەتی ڕێچکەی نووسین بگرێتەبەر، کە دەبینین مامۆستا لە کاتی وانە وتنەوەدا خەریکی ئاسانکردن و ڕوون کردنەوەدانە، بۆیە لەو جۆرە نووسینەدا شێوازەکە دیارە کە وەک قسەکردن وایە، نەک بیری لەلای نووسین بووبێ، لە جیاتی ئەوەی نووسەرەکەی ئەوەی لەبەرچاو بێ کە دەنووسێ، نەک پێی وا بێ قسە دەکات.

فەڕەنسییەکان لە وتەیەکی بەناوبانگیاندا کە دەڵێن: (ئادەمیزاد خۆی شێوازە، یان شێواز بریتییە لە ئادەمیزاد)، ئەمە ڕاستە، بەڵام دەبێ هەمیشە بپرسین شێوازی نووسینی مەنهەجی و زانستی لە کوێی ئەو گوتەیەدایە؟

*** ئەم وتارەم تەواوکەری وتاری (نووسین لە پێناوی نووسین)ـە، کە لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری ڕامان، (٥)ی ئەیلوولی ١٩٩٦ بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە کتێبی (پەنجەرە بچووکەکان) لە لاپەڕە ٦٣-٦٦ بڵاوکراوەتەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١، لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، کە دەبوو زووتر بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەناو کاغەزە پەرشوبڵاو و زۆر و زەوەندەکانم لەبەرچاوم ون بوو، لەم دواییەدا هاتەوە بەردەستم.**